---

## بەشی شەشەم

## کۆنفڕانس- المؤتمر- Conference

### گرینگی کۆنفڕانسەکان

**أ. لە ڕوانگەی بەشداربووانی کۆنفڕانس:**

١. فراوانکردنی بازنەی ڕۆشنبیری و مەعریفە.

٢. ئاڵوگۆڕی ئەزموون و بیرۆکەی نوێ.

٣. ئامرازێکە بۆ پەیوەندی نێوان تاکەکان و هاوکاران لە هەمان پسپۆڕی لە وڵاتانی ترەوە.

٤. بەشداریکردن لە کاردا، پێشکەشکردنی توێژینەوە، یان پێشکەشکردنی وانە.

٥. چێژوەرگرتن لە لایەنی کات بەسەربردن لە کۆنفڕانسەکەدا و بینینی شوێنە مێژوویی و کولتوورییە نوێیەکان کە پێشتر نەبینراون.

**ب. لە ڕوانگەی خاوەن هۆتێلەکانەوە:**

١- سەنتەری کۆنفڕانس سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتن بۆ هۆتێلەکە، بەو پێیەی داهاتی جۆراوجۆری لێ وەردەگرێت لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی تێیدا بەردەستە، وەک خزمەتگوزاری شوێنی نیشتەجێبوون، خزمەتگوزاری خواردن و خزمەتگوزاریی چالاکییە وەرزشییەکان.

٢- خاوەن هۆتێلەکان پێشوەختە پێشبینی ڕێژەی (حجز)کردنی ژوورەکان دەکەن، بەو پێیەی (حجز)کردنی ژوورەکان لەلایەن کڕیارە ئاساییەکانەوە جێگیر نیە.

٣- ئەم کۆنفڕانسانە بەشدارن لە بوژانەوەی ئابووری هۆتێلەکە لە بەڕێوەبردنی هۆتێلەکان لە کاتی بێبازاڕیدا.

٤- تێچووی خزمەتگوزاری خۆراک بۆ کۆنفڕانسەکان کەمترە لە کۆنفڕانسەکانی تر، چونکە ژمارەی ئەو خواردنانەی پێشکەش دەکرێن زانراوە، بەمجۆرەش ڕێژەی بەفیڕۆدانی سنووردارە، هەروەها بەکارهێنانی خزمەتگوزاری بوفێش هێزی زیادە سنووردار دەکات.

### هۆکارەکانی سەرکەوتنی کۆنفڕانسەکان

**١.پرسە یاساییەکان:**

پێویستە کارگێڕی هۆتێل و ئەو کەسانەی بەرپرسن لە ڕێکخستنی کۆنفرانسەکە بە وردی لایەنی یاسایی بخوێننەوە بۆ ئەوەی کێشە دروست نەبێت، ئەمەش پێویستی بە گفتوگۆکردنە لەسەر گرێبەستی بیمە بۆ بەشداربووانی کۆنفڕانس لە ئەگەری برینداربوونیان بەهۆی کەمتەرخەمی و دیاریکردنی قەرەبووکردنەوە.

**٢. خزمەتگوزاری خواردن و خواردنەوە:**

کوالێتی خۆراک و خزمەتگوزاری پێشکەشکراو دەبێت لە کاتێکی پێویستدا دیاری بکرێت لەگەڵ دابینکردنی ژمارەیەکی پێویست لە کرێکارانی خزمەتگوزاری، چونکە کۆنفرانسەکان پێویستیان بە خزمەتگوزارییەکی کاریگەرتر لە تێچوون هەیە لەبەرئەوەی لە کاتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری خواردن بە شێوەی بوفێی کراوە دەبێت لێکۆڵینەوە لە ئەگەری دانانی زیاتر لە مێزێک بۆ هەمان خواردن بکرێت بۆ ئەوەی قەرەباڵغی دروست نەبێت لەکاتی دەستپێکردنی خواردن بە تایبەت ئەگەر ماوەی خواردنەکە تایبەت بێت.

---

۳. **هۆڵەکانی کۆنفرانس:**

ئەوانەی بەرپرسن لە کۆنفرانسەکە دەبێت هەموو خاڵەکانی پەیوەست بە هۆڵەکان و مەرجە پێویستەکانی کۆنفرانسەکە دیاری بکەن، بەمشێوەیە:

–ژمارەی کورسی پێویست.
– ڕێکخستنی کورسی و مێز.
– ڕێکخستنی خوانی بەرپرسانی کۆنفرانس.
– پێویستی ڕێکخستنی تایبەتی کورسی و مێز.
– کورسی یەدەگ بۆ کەسانی VIP.
– دیاریکردنی لیستی خواردنەکان.
– بەکارهێنانی دیکۆراتی تایبەت.
– ڕێکخستنی پۆدیۆم– سەکۆکان.
– دانانی شاشەی جوڵاو یان جێگیر.
– دانانی تابلۆی زانیاری.

٤. **بەرنامەی کۆنفرانس:**

پەیوەندی نێوان ئەو کەسانەیە کە بەرپرسن لە ڕێکخستنی کۆنفرانسەکە و بەڕێوەبردنی بەشی کۆنفرانسەکە، هەروەها ئامرازێکی گرنگە بۆ پلاندانان و جێبەجێکردنی کۆنفرانسەکە، بەرنامەکە خشتەی کاتی تێدایە کە هەموو وردەکاری و ڕێکەوت و ڕێکخستنەکانی کۆنفرانسی تێدایە، کە شوێن و ڕێکەوتی دەستپێکردنی کۆنفرانسەکە و شوێنی کۆنفرانسەکە (ناوی هۆڵەکە) و کاتی دەستپێکردنی ڕێکخستنی هۆڵەکە ............ لە خۆ دەگرێت.

**جۆرەکانی کۆنفرانس**

دەتوانی جۆرەکانی کۆنفرانس پۆلین بکەین لە چەند روانگەیەکیشی دیکەوە وەک:

أ. **لەرووی ئامانج و بابەتەوە:**

١.کۆنفرانسی سیاسی: (بە ئامانجی گفتوگۆکردن لەسەر پرسە سیاسییەکان).
٢. کۆنفرانسی وەرزشی: ( بە ئامانجی گەنگەشەکۆدن لە بارەی بابەتێکی وەرزشی).
٣. کۆنفرانسی سەربازی: (بە ئامانجی گفتوگۆکردن لە بارەی کێشەیەکی سەربازی).
٤. کۆنفرانسی سەندیکاکان: ( بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەی سەندیکایەک یا کۆمەڵەیەک بە حکومەت یا لایەنی پەیوەندیدار).
٥.کۆنفرانسی ئایینی: (بە ئامانجی گەیاندنی پەیامی پیرۆزیی ئاینی و رەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵگە).
٦. کۆنفرانسی ئاسایش و پاراستن و زانیاری(الامن والاستخبارات):
٧. کۆنفرانسی ئابووری و بازرگانی: (بە ئامانجی بەبازاڕکردن و بەرهەمەکانی ڕیکلام).
٨.کۆنفرانسی گەشتیاری: (بە ئامانجی ناساندنی کۆمپانیا گەشتیارییەکان و ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکەن).

---

٩.کۆنفرانسی زانستی: (بە مەبەستی توێژینەوەی زانستی لە بوارێکی زانستی دیاریکراودا).
١٠.کۆنفرانسی کوردانی تاوەرگە:(بە ئامانجی کۆکردنەوەی تاراوگەییەکانی ولاتانی دەرەوە و دامەزراندنی پەیوەندی کۆمەلایەتی لە نێوانیاندا).
١١. کۆنفرانسی بواری دیکەی هەمەجۆر.....هتد.

ب. **لە رووی ئاست و گرنگی بەشداربووانەوە:**

شارەزایان – بالیۆز – وەزیر – سەرۆک وەزیران – سەرۆکی دەولەت و پاشاکان....هتد.

ت. **لە سەر بنەمای چوارچێوەی جوگرافیای بەشداربووان:**

١. کۆنفرانسی ناوخۆیی(نیشتیمانی): لەسەر ئاستی دەولەت لە ناوەخۆدا.
٢. ناوچەیی( هەرێمایەتی): کۆنفرانسی وەزیرانی دەرەوەی ولاتانی هەرێمایەتی.
٣. کیشوەری: لەسەر ئاستی ولاتانی کیشوەرێک وەک کیشوەری ولاتانی کیشوەری ئەوروپا.
٤. نێودەولەتی(جیهانی): لەسەر ئاستی زیاتر لە دەولەتێک وەک کۆنفرانسی گەشتیاری نێودەولەتی.

**سەرچاوەی داهاتی کۆنفرانسی**

١.داهاتی ناو تۆمارکردنی کۆنفرانس( بەشداربووان).
٢. داهاتی سپۆنسەر(Sponsorship) بەپێی زیادو کەمی کۆمپانیا یا کەسی سپۆنسەر، وەک سپۆنسەری زیوی، سپۆنسەری زێڕین، سپۆنسەری ئەلماسی...هتد.
٣. داهاتی ڕیکلامەکان لەناو کۆنفرانسەکەدا.
٤. داهاتی فرۆشی بەرهەمەکانی کۆنفرانس لە کتێب، بەرووبوم زانکۆ یا کۆمپانیا یا کارگەو پرۆژەکە.

**جۆرەکانی کۆڕبەند/ سیمپۆزیۆم**

ڕەنگە سیمپۆزیۆمەکە کراوە بێت و تەنها ئەندامانی بەشداربوو و بەڕێوەبەری سیمپۆزیۆم و خەلکی گشتی لەخۆبگرێت،

1 .سیمپۆزیۆمی داخراو: دوو جۆری هەیە

أ. سیمپۆزیۆمی توێژینەوە: کە تیایدا هەر ئەندامێک توێژینەوەیەک دەخاتەڕوو کە دوای پێشکەشکردنەکەی جێگەی گفتوگۆیە. ئەم توێژینەوەیە بە پێشکەوتن دادەنرێت.

ب. سیمپۆزیۆمی لێپرسینەوە: لەسەر بنەمای پرسیارکردن و وەلامدانەوەی پرسیارەکان دامەزراوە. ڕۆلی بەڕێوەبەری سیمینارەکە ئەوەیە کە بەرپرسیار بێت لە هەموو شتێک کە تێیدا باس دەکرێت، ئەو کەسەیە کە پرسیارەکان هەلدەبژێرێت و فۆرمولەیان دەکات و پرسیاری نوێ دەخاتە ڕوو و ئاماژە بە ئەو کێشانەی کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە. دەبێت بەڕێوەبەر پسپۆڕ بێت لە بابەتی سیمپۆزیۆمەکەدا.

**چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سیمپۆزیۆم:**

1 .دەبێت دەزگایەکی فەرمی ئەکادیمی یا نا ئەکادیمی بەڕێوەی ببات.

---

2. پێویستە پێشتر لەلایەن رێکخەرانەوە ئاگاداری توێژەر یا قسەکەر بکرێتەوە بۆ خۆ ئامادەکردن لەسەر ئەو بابەتەی بۆ دیاریکراوە.
3. پێویستە بەڕێوەبەری دانیشتنەکە ئەو ماوەی دیاریکراوە بۆ قسەکەرەکان بەیەکسانی دابەشی بکات و رێگە نەدات درێژە بکێشێت.
4. پێویستە بەڕێوەبەری دانیشتنەکە کۆنترۆڵی هۆڵەکە بکات لە ژاوە ژاوو گفتوگۆی لاوەکی.
5. پێویستە بەڕێوەبەری دانیشتن پرسیارەکانی بابەتی بێت و نەبنە بریندارکردنی ئامادەبوان وقسەکەرەکان.
6. دەبێت بەڕێوەبەری دانیشتن ئەتەکێتی دانیشتن و قسەکردن بزانێت و قسە بە توێژەران نەبڕێت.

## بەڵگەنامە چاپکراوەکانی کۆنفرانس

١. لۆگۆی کۆنفرانس. ٢. کەلوپەلی نووسین. ٣.فۆرمی ناو تۆمارکردن. ٤.پرۆگرامی کۆنفرانس( برۆشۆر) ٥..پۆستەر ٦.نیشانەو ئاماژەکانی هۆڵەکان. ٧.کارتی بانگهێشتکردن. ٨.لیستی خواردنەکان. ٩. بروانامەی بەشداریکردن. ١٠. باج

## ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی دیاری

ئاهەنگی ئاڵوگۆڕی دیاری لە کۆتایی سەردانە فەرمییەکان یا کۆتایی ئاهەنگ و کۆنفرانسەکان ئەنجام دەدرێت، بۆ پێشکەشکردنی دیاریش بنەمای گشتی هەیە کە دەبێت ڕەچاو بکرێت، لەوانە:

١. پێویستە لەناو لۆکەرێکی پارێزراودا دابنرێت لەگەڵ کارتێک کە هیوای باشترینی بەخشەرەکەی لەسەر بێت.

٢. پێش ئەوەی پێشکەشی بکەیت، دوور بکەوەرەوە لە فرێدانی لایەک لەسەر مێزێک یان دانانی لە دەرگای چوونە ژوورەوە، بەڵکو پێویستە لە شوێنێکی گونجاو دابنرێت.

٣.پێویستە لەگەڵ سەلیقە و کولتوورو سیاسەتی ئەو وڵاتەی دیارییەکەی پێشکەش دەکرێت بگونجێت، بۆ نمونە لە چین پێشکەشکردنی خەنجەر بە واتای پچڕاندنی پەیوەندییە، هەروەها پێشکەشکردنی کاتژمێرێک بە واتای نیشانەیەکی خراپ و مردن...هتد.

## ڕێوڕەسمی وێنەگرتنی یادگاری

ئاهەنگەکانی پێشوازی و بۆنە فەرمییەکان و کۆنفرانسەکان بەزۆری بە گرتنی کۆمەڵێک وێنەی یادگاری دەکرێنەوە یان کۆتایی پێدەهێنرێن کە بۆنەکە بەڵگە( ئەرشیف) دەکەن، بەم شێوەیە:

١. ئەگەر لە کاتی سەردانی بەرپرسانی باڵادا بوو بۆ دامەزراوەکە، وێنەی یادگاری لە سەرەتای دانیشتنیان لە ئۆفیسی سەرۆک یان هۆڵی پێشوازی دەگیرێت و دواتر وێنەیەکی دیکە دەگیرێت کاتێک دیاری ئاڵوگۆڕ دەکرێت، "ئەگەر هەبێت."

٢. لە کۆبوونەوەکاندا وێنەکان سەرەتای کۆبوونەوەکە دەگرن، پاشان وێنەیەکی گروپی دوای کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکە.

٣- لەکاتی واژووکردنی ڕێککەوتنەکان، لەکاتی ڕێورەسمی ئاشتی.

٤.لە کاتی گرتنی وێنەدا ئاگاداربە وردەکارییەکانی ناو باکگراوند لەبیر نەکەیت، وەک: ئاڵای نیشتمانی، لۆگۆ یان ئاڵای دامەزراوەکە، یان ئەو تابلۆیەی کە زانیارییەکانی ڕووداوەکەی لەسەرە.